# دوو بارە فراکسیۆن

## عادل ئیبراهیم

هەندێ جار لە بەردەم رووداویی لاوەکیو لابەلادا لە چاو جەنجالی ئەم دنیا گەورەیەو پر لە کیشمەکیشو هەراکانیدا، سەرت سوور دەمینێ یا داخو پێکەنین تیکەل بەیەك دەبن. مەسەلیکی کوردی هەیە دەلێ "مەیمون زۆر جوان بوو ئاولەشی دەردا"، گەر جەماعەتی فراکسیون لیم زوویر نەبنو نەمخەنە ناو لیستی نەفامانەوە، حالەتێ لەم نمونەیە دەیان قۆزێتەوە.

حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق چەندین سالە رەخنەی توندو پرۆلیتەری دەکیشن بەسەروچاوی خۆیاندا، کە شایستەی بون بە هیزیان پێ نەبرا، کادرانو رابەریەکەی ئەو فەرمانەیان بەدوای چەندین بریارو بریارنامەدا دەستی شکاوم هەر بۆ جێ بەجێ نەبو. زۆریان کۆشش کرد هەر نەبونە حیزبیکی موعتەبەرو خاوەن متمانەی خەلکی.

لە هەندێ گۆشەی کەرەکی نیۆ شارەکاندا هەواریان هەلخستووە، پیم وابێ ئەو هەوارە کەمێ تەزکینی بەدلیاندا دەهینێو ئاورشینی خۆرگەکانایین دەکاتو هەمیشە ئومیدیکیان هەیە!. جا حیزبی عیراق گەر ئەمە حالی بیت پرسیار ئەوەیە بەفراکسیۆنەوە ئەتوانن چی بکەن گەر زیاتر نەیشیوینن، وەك ئەلین دەستی لێمەدە با خراپتر نەبیت.

جیاوازی سیاسی لەسەر چی؟ ئەوانەی نەکراون یا بە هەلە کراوان فراکسیۆن تەواوی دەکات، فراکسیۆنی عەلەنی لە حیزبی سیاسی گەورەو خاوەن نفوزی کۆمەلایەتی بەریندا مانای هەیە، لە حیزبیکدا مانای هەیە کە خەریکە چارەنوسی بزووتەوەیەکی کۆمەلایەتی فراوان دەچەرخینێ بەلای راستدا، کە لە هەنگاوی یەکمدا لەوانەیە فراکسیۆن ریگەیەك بیت بۆ ئەوەی بەری پێ بگریت.

ئیستا حیزبی عیراق لە شوینی خۆیەتیو کۆمەلگەش لە شوینی خۆی، باوەرتان بیت گەر کەمێ لەباری سیاسیەوە جدی بن، پیوست ناکات سەرگەرمی فراکسیۆنو تەکتل بن لە حیزبیکدا کە پیتان وایە لای داوە بە لای راستدا، دەرگای عیراق ئاوالەیە گەر مەبەستان بیتو بەراستی رابەریکی دلسۆزی ئەو خەلکەنو بەتەنك چارەنوسیانەوەن، وە حەوسەلەتان بیت خەلکی حالیکەن کە جدین بۆ بەرژەوەندیەکانیان، بە ئاسانی ئەتوانن لە شارەکانی بغداد، بەسرە، کرکوك، سلیمانی.. هەزاران خەلك لەدەوری خۆتان کۆکەنەوە، گەر ئەمە ریگەی واقعی نییە پیم بلین درۆئەکەی..! گەر درۆ ناکەم واتە ئیوەش بەناوی فراکسیونو چەپەوە زیاتر خەرقی گۆشە داخراوی ناو خەلکی دەبنەوە. دیارە باسەکانیشتان هەر قابلو پراو پری قەتیس بووی ناو پالتۆكو سایتەکانە.

حیزبیك کە 10سال زیاترە بە هەمووتان دروستان کردووەو ئەوەش واقع الحالی بیت لە ناو کۆمەلگەدا، ئایا ئیستا دەردەکەی هاوکیشەی پاراستنی وەحدەت یا فراکسیۆنە؟، یا دەردەکەی لە شوینیکی ترەو ئیوەش زیاتر تیا ون بوونو دۆش داماون، بەراستی گەر رابەری ئەو حیزبە فراکسیۆنتان لێ قەبول بکات بێ شکە توشی ئاولە دەبیت.